ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**دروستکردنی دووگمە بۆ وێبگە، فۆتۆشۆپ.**

نووسەر: Aso Naderi

@: Aso.Naderi@Gmail.Com

دروستکردنی دووگمە بۆ وێبگە، فۆتۆشۆپ.
لەم بابەتەدا هەوڵ ئەدەم چۆنیەتی دروست کردنی چەند دووگمەیەکی بچووک و جوان لە فۆتۆسۆپ دا شی بکەمەوە، کە دواتر بە سوود دەبێت بۆ بەکاربردنیان لە وێبگەدا.
پرۆگرامی فۆتۆسۆپ بکەوە، هەروەها پەڕەیەکی نوێ بکەوە، باشتر وایە رووپەڕی شوێنە کارەکەت هەندێ گەورە بێت بۆ جێبەجێکردنی هەموو هەنگاوەکان بە ئاسانی، دەتوانی بە پانی 400 و بەرزی 200 پیکسل پەڕەیەک بکەیتەوە.
رووی پەڕەکە بە رەنگێک رەنگ بکە، من بە رەنگی رەش رەنگم کردووە.
چینێکی نوێ دروست بکە، Shift+CTRL+N.
بە ئامرازی Rectangular Marquee Tool - M لاکێشەیەک دروست بکە، ئەو لاکێشەیە دواتر دەبێتە دووگمەکەت.
رووی ئەو لاکێشەیە بە رەنگێک رەنگ بکە، گرنگ نیە چی بێت، چونکە دواتر دەگۆڕدرێت.




لە لیستەکانی فۆتۆشۆپ دا و لە لیستەی Layer دا Layer Style دەستنیشان بکە و پاشان Inner Shadow کرتە بکە.




هەموو خاڵەکان وەک وێنەی سەرەوە ڕیک بخە، دواتر کرتە بکە سەر Inner Glow.




نرخی Opacity بگۆڕە بۆ 11، و خاڵەکانی دیکە وەک وێنەی سەرەوە جێبەجێ بکە.
لە هەمان پەنجەرەدا Color Overlay کرتە بکە و پاشان #666666 بکە نە نرخی ڕەنگەکە و دواتر Blend Mode بکە بە Normal.




Storke، ڕانگی ڕەش هەڵبژێرە و Size کەم بکەوە بۆ 1.




پاش جێبەجێ کردنی ئەو هەنگاوانە، OK کرتە بکە، دەبینی کە دووگمەیەکی بچووک و جوانت دروست کردووە. بۆ ئەو جۆرە دووگمانە جوانتر ئەوەی کە جۆرەپیتی Pixel بەکار ببرێت بۆ نووسین لە سەریان.
نموونەی ئەم بابەتە بە نووسینی سەر دووگمەکانەوە.




دەتوانی لێرە پەڕگەی ئەم بابەتە بە فۆرماتی PSD دابگریت / قەبارە 196 کیلۆبایت.
کۆتایی.

Nov 2005 03

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت